نەتانزانی چییە دەستکاری مەکەن تا دڵنیا نەبن کە سەلامەتە. چونکە لەوانەیە ئەمە تەڵە بێت بەتایبەتی منداڵان و خوێندکاران دەستی لێبدەن و بەڕوویاندا بتەقێتەوە و بیانکوژێت.

نەوزاد کە ئەمەی هاتەوە بیر لێی دوورکەوتەوە و بە ئازادی ڕاگەیاند، هەردووکیان دەستکارییان نەکرد، کە چوونەوە ماڵەوە باوک و دایک و خەڵکی گوندەکەیان ئاگادارکردەوە ئنجا بۆ ڕۆژی دوایی مامۆستاشیان لێ ئاگادار کردەوە، مامۆستاش بە پەلە بنکەی پۆلیسی لێ ئاگادار کردەوە. ئەوانیش پسپۆڕی تایبەتییان نارد، بۆیان دەرکەوت کە شتە خڕەکە مین بووە و وەك تەڵە دانرابووەوە ئینجا تەڵەکەیان پووچەڵ کردەوە و منداڵانیان لە کارەساتێکی ترسناک ڕزگار کرد.

## واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| سنوور | : | تخوب |
| حەز | : | ئارەزوو |
| گەلەک | : | زۆرجار |
| بتەقیتەوە | : | بپەقیت |
| دەستکارییان نەکرد | : | دەستیان لێنەدا |
| بە پەلە | : | بلەز، بەخێرایی |
| ترسناک | : | مەترسیدار، پڕ مەترسی |

کاک ڕۆستەم وەڵامی دایەوە:

- لالۆ شاسوار! پەزەکانی من ئەگەر سوودیان لە درەختەکانی تۆ زیاتر نەبێت کەمتر نییە!

با پێت بڵێم: مەڕەکەی من دەزێت، بەرخێک یا دووانی دەبێت. شیری هەیە دەیدۆشین. لە شیرەکەی ماستو فرۆ پەنیرو فەریکەڕۆنو شیرێژو کەشکو گەلێک شتی دی دروستدەکەین. هەموو ساڵێک مەڕەکانم بە جەو دەبڕمەوەو لە خورییەکانیان ئەم شتانە دروستدەکرێت:

شاڵی رانکو چۆغە، فەرەنجیو پەستەک، گۆرەویو لەپک، پووزەوانە، بەرماڵو جاجم، بەڕەو مافوور، تیڕو گەلێک پێویستی دیکەی ناو ماڵ. ئەگەر حەزمان لە گۆشت کرد سەری دەبڕینو جگە لە گۆشت سەرو پێو سیو جەرگەکەشی دەخۆین. ئەمجا پێستەکەی دەکەین بە بەری کورکی زستانان یا دەیکەن بە مەشکەو کوندەو هەمبانە. دەهۆڵو دەفو قایشو قڕوش زینی ولاخیشی لێدەکرێت.... کەواتە.

پەزەکانی من بێسوود نینو بە کەڵکن.

لالە شاسوار پێکەنیو گوتی: باشە کاك ڕۆستەم ئەوا زانیم.

پەز سوودی زۆرە، بەڵام مەهێڵە بچنە ناو باخەکەی منەوە.

کاک ڕۆستەم لە وەڵامدا گوتی:

وەی بەسەر هەردوو چاوم

# پێڕست



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | لەسەرەتای ساڵەوە ( هۆنراوە ) | ٣ |
| ٢. | رەوشتی باش | ٦ |
| ٣. | چۆلەکە و رێوی | ١٠ |
| ٤. | ددانەکانمان | ١٣ |
| ٥. | قوتابیم (هۆنراوە ) | ١٨ |
| ٦. | ئەنجامی درۆ کردن | ٢١ |
| ٧. | زانایەکی نەمر | ٢٦ |
| ٨. | سەیرانەک ل کوردستانێ | ٣٢ |
| ٩. | کۆتر و مێروله | ٣٧ |
| ١٠. | کوردستان (هۆنراوە ) | ٤٢ |
| ١١. | زستانی کوردستان | ٤٥ |
| ١٢. | شێوازی ئاخاوتن | ٤٩ |
| ١٣. | شێرو مشک | ٥٢ |
| ١٤. | پەشیمانی | ٥٦ |
| ١٥. | ژینی لادێ (هۆنراوە ) | ٦١ |
| ١٦. | دراوسێی باش | ٦٥ |
| ١٧. | بولبولێکی داماو | ٦٩ |
| ١٨. | منداڵینە ئاگاداربن | ٧٣ |
| ١٩. | میرێکی ناودار | ٧٦ |

